

کورتە باسێك لەسەر
ئەنفال
شەمزین جیهانی

# کــــورتـــــەباســــێك
# لـەســــەر ئـەنــــفـال

شەمزین جیهانی

ناوی کتێب: کورتەباسێك لەسەر ئەنفال
نووسینی: شەمزین جیهانی
چاپ: ڕۆژهەڵات
تیراژ: 1000
ژمارەی سپاردن: لە کتێبخانەی گیشتی ژمارە 1013 پێدراوە

لـەم بـەرهـەمـەدا هـەولْـم داوە ، مێـژووی  شـالاوی لـەنـاوبردنـی نـەتـەوەی کـورد لـە بـاشـووری کوردسـتـان دا بـە شـێوەیـەکـی کۆنکرێـت وەک کورتـەباسـێک بـدەمـە بـەر دیـدی خوێنـەران .
بـەرهـەمـەکـە زیـاتر لــە سـالْ و نیــوێك توێژینــەوەیــە،کــە لــەو مـاوەیــەدا تیمێـك لــە توێژەرەوانی(HRW/ME) چەندین جۆر لە دۆکیۆمێنـتـی حکوومەتـی پێشووی بـەعسـی عێراقـی شـیکردۆتـەوە و چـاوپێکـەوتنـی مـەیـدانـی لـە گـەڵ 250 شـایـەت دا کـرد کـە زۆربـەیـان رزگـار بووەکانی شالاوەکەی 1988ی ناسراو بە ئەنفال ، بوون.

ئەو تیمە لە توێژەرەکان بەو ئەنجامە گەیشتن  کە رێژیمی عێراق تـاوانی ژێنۆسایدی دژ بـە کوردان  بە ئەنجام گەیاندوە .

ئەنفال (تالانی – غارەت) ناوی سوورەی هەشت لە کتێبی قورئانە ،  هەروەها ئەو ناوەیە کە عێراقیـەکـان بـۆ زنجیـرەیـەك هێرشـی سـەربـازی کـەڵکیـان لـێ وەردەگـرت ، کـە لـە  22ی فێبریوەری تاکوو 6ی  سپتامبری ساڵی 1988ی خایاندبوو.

هـەرچـەنـدە کـە شـتێکی مـەحالْـە بـە بـێ گـەڕانـەوە بـۆ دواقۆنـاغی شـەڕی عێـراق و ئێـران 1980تا1988 بتوانین لە شالاوی ئـەنفـال بگـەین، بـەلاٚم ئـەنفـالیش تـەنییا بـەرهـەمـی  ئـەو شەڕە نەبوو.
بە شێوەیەکی ورد، گەڕانەوەی ململانێیە بە پێی مەرجەکانی عێراق، هەلومەرجی کوتـووپڕی مێژوویـی بـوو کـە هـەلـی بـۆ بـەغـدا رەخسـانـد بـۆ ئـەوەی  هـەوڵدانـە لـە مێژینـەکـانـی خـۆی بگەیەنێتە ئەو پەڕی، بۆ چۆك پێدانی کوردەکان. هـەڵبـەت پێش تـەقینـەوەی دوژمنایـەتـی نێوان ئێران و عێراق.
هەروەها ئەنفال، زیندووترین تـەعبیرە لـەو هـەموو توانـا و دەسـەلاٚتـەی درابوو بـە عـە لـی حسن المجیـدی ئـامۆزای سـەددام حوسـێن و سـکرتێری گشـتـی بیـرۆی حیزبـی بـەعسـی عـەڕەبـی سۆسیالیستی عێراقی، لە باکوور.

المجید لە 29ی مارسی 1987وە تاکوو 23ی ئەپریل 1989، لە باکووری عێراقدا دەسەلاٚتێکـی درابۆیە ، کە یەکسان بوو بە دەسەلاٚتی سەرۆك خۆی، لە گەڵ دەسـەلاٚتیشدا بـە سـەر هـەموو دەزگاکانی ئەو هەرێمەدا.

المجید کـە تـاکوو ئیمـڕۆش لای کـوردەکـان بـە عـەلـی ئـەنفـال یـان عـەلـی کیمیـاوی نـاسـراوە، فەرمانڕەوای موتڵەقی جێنۆسایدی کوردەکان بوو.

دەزگا مەرکەزیەکانی ژێر دەسەڵاتی المجید، بریتی بوون لە :

فەیلەقەکانی یەك و پێنجی سوپای نیزامی عێراقی، بەڕێوەبەرێتی گشتی ئەمن ( مديريه الامن العامه،اوالامن ) و ئیستخباراتی عەسکەری (الاستخبارات).

میلیشیا کوردیەکانی سەر بە حکوومەت، کە بە فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی وەیان (جاش) ناسرابوون، لە کاری مامناونجی و گرنگدار یارمەتیان دەدا.

سەرچاوە لکێندراوەکانی تری هەموو جەیش، ئەمن، و دەزگای سیڤیلی دەوڵەتی عێراق، هەروەك لە قسەکانی المجیددا هاتبوو (( بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد و لەناوبردنی تێکدەرەکان )) بەگڕ خرابوون.

**شاڵاوی 1987 ـ 1989، لەم پێشێل کردنە گەورانەی مافی مرۆڤدا، کە لە خوارەوە باسیان دەکەم، خۆیان دەبیننەوە:**

1. تیرە باران کردنی بە کۆمەڵ و لەبەین بردنی بە کۆمەڵی دەیان هەزار لەخەڵکانی شەڕ نەکەر، لەوانە ژمارەی زۆر لە ژن و مناڵ و هەندێ جاریش تێکڕای دانیشتووانی گوندەکان.

2. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە شێوەیەکی بەربڵاو، کە لەوانە گازی موستارد و گازی ئەعساب GB یان سارین، لە هەلەبجە و هەروەها دەیان گوندی کوردستان، کە بۆ هۆی کوشتنی هەزارها خەڵك، بە زۆری ژن و منال.

3. وێران کردنی تێکڕای دووهەزار گوند، کە لە دۆکیۆمێنتەکانی حکوومەتدا، وا باس کراون کە: سووتێنراون، تەختکراون، پاك کراونەتەوە و هەروەها بەلاینی کەمەوە دەیان شارۆچکە و مەرکەزی ئیداری گەورەتر وەکوو (ناحیە و قەزاکان).

4. بە تێکرایی وێرانکردنی ناوەندە سیڤیلەکان لە لایەن ئەندازیارانی سوپاوە، بە قوتابخانە و مزگەوت و بیری ئاو و بینای تریشەوە لە گوندەکاندا کە دانیشتووانیان تیادا نەبوو، لە گەڵ هەندێ وێزگەی ئەلەکتریکی ناسەرەکی.

5. بە تالان بردنی موڵك و ماڵی خەڵکە سیڤیلەکان و ئاژەڵی کێڵگەکان بە شێوەیەکی فراون لە لایەن هێزەکانی سوپا و میلێشیاکانی سەربە حکوومەتەوە.

6. گرتنی بە گۆترەی گوندنشینەکان کە دەستگیر کرابوون لە ناوچە دەستنیشان کراوەکاندا ((ناوچە قەدەغەکراوەکان (المناطق المحضورە) هەرچەند ئەمانە ماڵ و موڵکی خۆشیان بوو.

7. گرتنی بە گۆترە و حجزکردنی دەیان هەزار ژن و منداڵ و خەڵکی بە ساڵا چوو بۆ چەندین مانگ، لە هەلومەرجی نالەباردا بە بێ ئەمری دادگا، یان هەر هۆیەك، جگە لەوەیکە وای بۆ دەچوون کە هەواداری بەرهەڵستکارە کوردەکان بوون. دەیان هەزاریان بە هۆی خواردەمەنی پیس و بە نەخۆشی، مردن.

8. داڕووخاندنی ئابووری و ژێرخانی دێهاتی کوردستان.

9. بە زۆر ئاوارەکردنی سەدان هەزار لە گوندنشینەکان، لە رێگەی کاوڵکردنی خانووەکانیان بەردانیان لە بەندیخانە و یان گێڕانەوەیان بۆ نەفیگە یان تەبعیدگە.
ئەم سیڤیلانە بە لۆری باردەبران بۆ ئەو ناوچانەی کوردستان کە دوور بوون لە ماڵەکانیانەوە، وە لەوێش تەنیا بەقەرەبوویەکی زۆر کەمی حکوومەتەوە، ئەویش ئەگەر هەبوو بێت، بۆ موڵك و ماڵە کاوڵکراوەکانیان جێ دەهێڵران و هیچ تەگبیریش نەکرابوو بۆ حەوانەوەیان وەکوو خانوو، جلوبەرگیان خواردەمەنی، هەروەها بە ناهەمواریەکی زۆریشەوە ڕێگەیان پێ نەدەدرا کە بگەرێنەوە بۆ گوندە ئەسڵییەکانی خۆیان.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کورد لەم بارودۆخە نالەبارانەدا، لە ماوەی ساڵێک دوورخستنەوەیاندا، مردن.

لە ماوەی یەکەم حەفتەی هێرشەکانی چەکی کیمیاوی ناوەڕاستی ئەپریلدا، هێزەکانی المجید ، ئامادە بوون بۆ دەستپێکردنی ئەوەی خۆی ناوی نابوو: پرۆگرامێکی سێ مانگی بۆ تێکدان و ڕامالێنی گوندەکان وەیان کۆکردنەوەکان.

**یەکەمیان لە 21ی ئەپریلەوە بوو تاکوو 20ی مەی، دووهەم لە 21ی مایوە تاکوو 20ی جون.**

زیاتر لە 700 گوند سووتێنران و بە بۆلدوزەر تەخت کران، زۆربەیان هاوتەریپی ڕێگا سەرەکیداکانی ناو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت بوون.
بە هەر حاڵ لەبەر ئەوەی هێزەکانی عێراق هێشتا لەبەربەرەکانی شەڕدا بوون و سەرچاوەی پێویستیشی بۆ ئۆپراسیۆنێکی وا گەورە لەبەر دەستدا نەبوو، سێهەم قۆناغی ئۆپراسیۆنەکە ڕاگیرا.

**دواییتریش ئەنجامەکانی قۆناغی سێهەم بە ئەنفال جێبەجێ دەکرا.**

بەلاَی رەژیمی عێراقەوە، هیچ هەنگاوێکی ئیداری لە سەرژمێری 17ی ئۆکتۆبری 1987 گرینگتر نەبوو بۆ مەرجەکانی دیاریکردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە مەبەست بوو بۆ لەناو بردنیان.

ئەوکاتەش، کەوا گوند رامالٌینەکان پشتێنێکی ئەمینی بەکردار لە نێوان حکوومەت و ئەو شۆنانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوون پێکهێنابوو، حیزبی بەعس دوا بڕیاری بەناوچە قەدەغەکراوەکاندا کە:

- دەتوانن یان (بگەڕێنەوە بۆناو ریزی نیشتمانی) بەواتایەکی دیکە، ماڵەکانیان و ژیانیان واز لێ بهێنن و قوبوڵی نیشتەجێ بوونی زۆرەملی لە ناو ئوردووگا پیسەکانی ژێر چاوەدێری هێزەکانی ئەمندا بکەن

- وەیان وولاتێتی عێراقی لە دەست دەدەن و بەهەلاٌتوو لە خزمەتی سەربازی، دادەنرێن.

رێگەی دووهەم یەکسانە بە سزای مردن، چوونکە ئەوکەسانەی کەنەیان ویستبوو سەرژمێر بکرێن، یاسای سەرژمێرەکە وای لێکردبوون کە بریاری مانگی ئۆگۆستی 1981ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی فەرمانڕەوا، کە سزای مردنی بە سەر سەربازە هەلاٌتووەکاندا دەسەپاند، بیانگەرێنێتەوە.

**هەر قۆناغێك لە ئەنفال، نزیکەی یەك نەخشەیان تێدا پەیڕەو کراوە.**

بە شێوەیەکی جوودا، لە ئاسمانەوە بە هێرشێکی سەربازی کتوپڕ بوو لە دژی بنکە سەربازیەکانی ینك و پدك و سەنگرە بە هێزەکانیان.

کوکتێلی گازە کوشندەکانی موستارد (خەردەل) و ئەعساب، لەناوبەرتر بوون بۆ سیڤیلەکان وەك بۆ پێشمەرگە، چوونکە پێشمەرگەکان هەندێکیان ماسك و ئامرازیتری پارێزگاری کردنی سەرەتایی تریان هەبوو.

لە گوندی سێوسێنان (ئەنفالیدوو) زیاتر لە 80 سیڤیل کوژان؛ لە گوپتەپە (ئەنفالی چوار)، ژمارەی کوژراوان لە 150 کەس زیاتر بوو، لەوارا ( ئەنفالی پێنج )، 21 کەس کوژران.

لـه گـەورەتـرین هـەمـوو هێرشـە کیمیاویکانـدا ، کـە بۆمبـاران کردنـی شـاری حـەڵـەبچـەی کوردستان بوو، لـە نێوان 3200 و 5000 لـە دانیشتووانـی کوژران.

حەلەبچە وەکوو شارێک لە ڕووی تەقینەوە بـەشێك نـەبوو لـە ئـەنفـال، پـەلاماردانـەکـە، لـە تۆڵەی گرتنـەوە بوو لـە لایان پێشمـەرگـەکان بـە یارمـەتی پاسدارانی شۆڕشی حکومـەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام بێ گوومان بەشێك بوو لە ژێنۆسایدی کوردستانیان.

کوشتن، ئـەشکـەنجـەدان، لـە گـەڵ سیاسـەتـی خـاك سووتـاندن ، بـەردەوام بـوو، بـە واتـایـەکـی دیکە ئەو بابـەتـە ببوو بـە مـەسـەلـەیـەکی رۆتینی رۆژانـە لـە باشووری کوردستان دا.

لـە ساڵی 1975 وە، چوار هـەزار گوندی کوردستان وێران کـران ، بـەلایـنـی کـەمـەوە تـەنـها لـە ئـەنفالدا، پـەنجا هـەزار خـەڵکی دێهاتی کورد لـەناو چوون و گریمانێکی زۆریش لـەوە دایـە کـە ژمـاره راسـتـیەکـە، دوو ئـەوەنـدەی ئـەو ژمـارەیـە بـوو بێـت ، نیـوەی خـاکی کشـتوکاڵی بـەرهـەمهێنـەر چۆلکرا بوو.

باسی کراوە کە سـەرجـەمـی ژمارەی ئـەو کوردانـەی کـە بـە درێژایـی ئـەودیکـەدە ( 10ساڵ ) کوژرابـوون ، لـەو کاتـەوە کـە پیـاوە بـارزاینیـەکـان لـە ماڵـەکانیـان فرێنـران، تـەواو شـەش ئـەوەندەی ئـەو ژمارییەیە.

شان بـە شانی ئـەمـە ، علیحسن‌المجید ئـازاد بـوو ، بـۆ گواستنـەوەی بـۆ ئـەرك و کـاری تـر کـە پێویستی بـە لێهاتوویـەتیە تایبـەتییـەکانی ئـەوی کردبایـە .

سـەرەتـا وەك پارێزگـای کـوێتی داگیرکـراو، و لـە دواییشـدا لـە 1993 وەك وەزیـری بـەرگـری عێراق.

" کوردستان، خاکی گوڵی بـەهار و کێڵگـە پڕ لـە شـەپۆلـەکانی گـەنم ، رووباری خێرا و گـەلـی پڕ لـە مـەترسی ناکاوە، ئـەشکـەوتی شاراوە و تاشـەبـەردی گـەورەیـە. سـەرەڕای ئـەمانـە کوردستان ئـەو خـاکـەیە کە ئاوازی ژیان تیایدایـە ، بـە پێوەندی نێوان خـەڵکـەکـەو چیاکان پێناسـە دەکرێ. لووتکـەکان، یـەك بـە دوای یـەکدا، بـە درێژایی ساڵ بـە بـەفـر داپۆشـراون وتـەیـەکی کۆن هـەیـە دەڵێت: (( چیاکان تـەخت کـەن، کوردەکان لـەیـەکرۆژدا نـامێنن))".

لـە سـەدەی شـانزەهـەمـەوە هـەتـاکوو سـەدەی بیسـتـەم، ناوچـەکانیـان بـە شـێکی لـە ئیمپڕاتووریـەتی عوسمانی و فارسی پێکهێنا بـوو، بڕیـار وابـوو کـوردەکـان بـەدامـەزرانـدنی

ئیمپڕاتووریەتی عوسمانی، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و بەگوێرەی ڕێکەوتننامە سیڤەری 1920 ، سەربەستیان پێ درابایە .

بەڵام کاتێك بزوتنەوە ناسیۆنالیستیەکەی کەماڵ ئاتاتورکی باوکی دەوڵەتی تورکیای تازە و یەکەم سەرۆکیشی، دەستی گرت بە سەر زەویەکانی کوردستاندا کە لە رۆژهەلاتی تورکیادا، ئەم بەڵێنییە بوو بە هەڵم.

کوردەکان جارێکی دیکە نیشتمانە شاخاویەکەیان دیەوە، ئەمجارە بەسەر چوار دەوڵەتی تازە دروست کراو دابەشکراوە ( عێراق، سووریا، تورکیا و دەوڵەتە دێرینەکەی ئێران ).

هەر یەکێك لەم دەوڵەتانە ، کۆسپێکی لەبەردەم سەرهەڵدانی کەمینە کوردیەکەیدا، دروست کردووە و هەریەك لە گروپە کوردەکانیش دژی دەسەلاتی حکوومەتە تازەکەی ناوەند، شۆڕشی بەرپا کردووە.
لەم نەریتەی شۆڕشی دا، هیچ ناوچەیەك بە ڕادەی باشووری کوردستان بەردەوام نەبووە.

گەر بڵێین ئەنفال، بەو هەموو ترسی و سامەشیەوە، تەواو دەگمەن و بێ وێنەیە، ئەوە دەبێتە هەڵەیەکی زۆر گەورە، چوونکە حیزبی بەعس لە ڕابوردوو لە زۆر بۆنەشدا مەرگە سات و کارەساتی زۆر ترسناکی بەسەر کوردا هێناوە.

بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام حوسەین ، کاتێك پرسیارت ئاراستەی کوردەکانی باشووری کوردستان کردبایە سەبارەت بە ماوەیەك ئارامیی لە ژیانیاندا، هەوڵ کۆ باس لە سەرەتای ساڵەکانی دووهەم رێژیمی حیزبی بەعس، پاش کودەتاکەی جولای 1968 دەکەن.

ئایدیۆلۆژی پانعەرەبی رادیکاڵی کە پارتەکەی لەسەر پێکهێنرابوو، دژ بە کوردە نا عەرەبەکان بووە، کە لە ڕووی کولتوور و زمانەوە سەر بە فارسەکان بوون.

کەچی رەژیمی پێشووی عێراق دەست پێشخەریەکی کرد، بە جێبەجێکردنی چارە سەرکردنێکی درێژ خایەن لە گەڵ کوردەکاندا.

رژیمی بەعس هەرگیز بێ پراگماتیزم نەبوو ، کاتێك پارتەکەیان هاتە سەر حووکم ، زۆر لاواز بوو، و نەیدەویست لە گەڵ سەرهەڵدانێکی تاقەتبەردا بکەوێتە ململانێ.

لەبەر ئەوەی، پاش 1968 ، زمانی پێداهەڵگووتن و بریقەداری پان عەرەبی تووڕدرا بۆ هەوڵێکی تازە بۆ پێکهێنانی قەوارەی عێراقێکی یەکگرتوو کە بەو هۆیەوە کوردەکان وەکوو شەڕێك قەبووڵ بکرێن ، گەر بە تەواویش یەکسان نەبن.

حەموو مەسەلەکەش نەفت بوو، کە سەلماندی بووبووە پێ لەقەکەی ئەکیل سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیەکە، کە سەددام حوسێن ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش و بەرپرسیاری کێشەی کورد ، یاسای نوێ دابوو کە گەلێك دوور بوو لە بەیانەکەی 1970وە، و لە دیاریکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردوستاندا کە بە ئاشکرا ناوچە دەوڵەمەندەکانی نەفتی کەرکووك، خانەقین و جەبەل و سنجاری لێ دەرکردبوو.

لە گەڵ پرۆسەی ئۆتۆنۆمی یەك لە دوای یەکی 1970 ـ 1974 دا، رەژیمی عێراق ریفۆرمێکی بەڕێوەبردنی سەرجەمیی جێبەجێ کرد، کە بە هۆیەوە شانزە پارێزگاکان سەر لە نوێ ناونرانەوە و لە هەدنێ حاڵەتیشدا، سنوورەکانیان گۆڕدرا.
پارێزگای کەرکووکی کۆن ، کرا بە دوو بەشەوە و ناوچەی دەوری شارەکە خۆی، بە التامیم (خۆماڵی کردن) ناو دەبردرا و سنوورەکانیشی سەرلە نوێ کێشرابوونەوە بۆ ئەوەی زۆرینەکەی عەرەب بێت .

پارێزگایەکی تازەی بچووکتر بە ناوی سەلاحەددین، لە شاری تەکریت و گوندی عۆجەی ، کە شوێنی لەدایکبوونی سەددام حوسێنە، پێکهێنرا .

ئەوەی ئاشکرایە هاوتەریبی نێوان سەددام و جەنگاوەری ئەفسانەیی چەرخەکانی ناوەڕاست، کەلە رۆژئاوا دا بە سەلاحەددین ناسراوە، هەموو شتێکی دەگەیاند، رێکەوت نەبێت.(هەرچەندە ئەوەی سەیروسەمەرەیە ، سەلاحەددین خۆی کورد بووە و وەکوو زۆر لە خزمەکانی، خزمەتی سوپای عەرەبانیان کردووە.

لە لایەکی دیکەوە (پدك)ە ، تەنها سەرچاوەی بەرهەڵستکاریی پێشمەرگەکان نەبوون بۆ رێژیمی پێشووی عێراق .
بەڵکوو لەناو خودی بزوتنەوەی کورددا، رەگی قووڵی هەبوو، ئەو رەگانەی کە چەندە مێژووی خێڵەکییان هەبووە و ئەوەندەش مەزهەبی بوون.

کارێزما بوونی نەمر ژنێراڵ مەلا مستەفای بارزانی، دەسترۆیشتن و هەروەها شێوەی سەرکردایەتیکردنی، جۆگەیەکی بەردەوامی نەیاری لە خودی پارتەکەیدا دروست کردبوو.

پاش هەرەسەکەی 1975 ئەم ململانێیانە سەر ئاو کەوتن. دەسەڵاتەکەی زڕبرایانی بارزانی وە یان ( نەوەی خەیانەتکار ) ، هەروەکوو ڕەژێمی بەعسی حکومەتی پێشووی سەدام حوسەین بەم شێوەیە ناوی دەبردن ، هەر لە زووە لە لایان جەلال تاڵەبانییەوە ڕووبەڕووی بووە.

تاڵەبانی کە یاریدەرێکی کۆنی نەمر ژێنێراڵ مەلا مستەفا بارزانی و ئەندامێکی بیرۆی سیاسی پدك بووە ، بە بزووتنەوەیەکی چەپی عیلمانی ڕەگداکوتراوە لە ناو ڕۆشنبیرانی شاردا، هەوڵی دا جێگەی خۆی بکاتەوە.

لە ساڵی 1975 دا تاڵەبانی ئەو گۆڕانە ڕەسمیەی بە پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئەنجانم گەیاند.

دوو ساڵ دواتریش پێکادان لە نێوان ئەو دوو گرووپە نەیارە دا سەری هەڵدا.
ئەو جیابوونەوە تاڵە هەتاکوو دوا دوو ساڵی شەڕی ئێران ـ عێراق، بە کارەساتی دڵتەزێنیان ناو برد و تا ئێستاش لە ناو مێژووی گەلی کورد دا وەک کارەساتی ڕەش تۆمار کراوە.

سەرەڕای ئەمەش، گروپێکی دیکە ، بارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر کردبوو، لە ساڵی 1979دا، یاریدە دەرێکی تری باڵا و کۆنی نەمر مەلا مستەفا، ناسراو بە مەحموود عوسمان، لە گەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە لە (ینك) جیابووە و پارتی سۆسیالیستی کوردستانی پێك هێنا لە هەمان ساڵدا، هەروەها پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش، چەکی دژی ڕێژیمی بەغدا بەرزکردەوە و لە باکووری شاری سلێمانی، لە هەمان ئەو دۆڵەی کە ینك ی لێبوو بارەگای دامەزراند.

تاڵەبانی بانگێشەی ئەوەی دەکرد، کە هێزەکانی شان بە شانی پارتی بەعس شەڕ بکات بۆ دەرپەڕاندنی داگیر کەران لە خاکی عێراق.
بۆ گۆستنەوەی ئەم دەرفەتە و بە هیوای بەلاخستنی هەمیشەیی کۆمەڵێک پێشمەرگەی پێگەیشتووەکەی تاڵەبانی بەلای بەغدادا، سەددام حوسێن بەڵێنی خۆی بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، تازە کردبۆوە .

نزیکەی دێکەدێك دواتر ، ئەندامی وەفدەکەی (ینك) کە لە گەڵ ڕێژیمی بەغدا دا وتووێژی کردبوو، بەڕەوایینی قسەکانی تارق عەزیزی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دواتریش وەزیری دەرەوە حوکومەتی ڕوخاوی بەعسی پێشووی عێراق گێڕابویەوە و گوتبووی: ئەو بە ئێمەی دەگووت ئەگەر ئێوە یارمەتیمان بدەن، هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە. بەڵام

ئەگەر بەرهەڵستیمان بکەن ئەویش هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە و پاش ئەوەی شەڕی (ئێران و عێراق)یش تەواو دەبێت، بەتەواوی خۆتان و گوندەکانتان لە ناو دەبەین. لە راستیدا ئەوە هەڕەشەیەکی بۆش نەبوو.

وتووێژەکان بە بێ ئەنجام بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك درێژەی هەبوو. بەڵام هیچ کامیان گرینگتر نەبوو لە داواکاریە دووبارە کراوەکەی تاڵەبانی، سەبارەت، بە هەمان داواکاریە قبووڵ نەکراوەکەی مەلا مستەفای بارزانی، بە وەی کە ناوچەکانی کەرکووك و خانەقین، بە کێلگە نەفتییەکانیەوە، بە بەشێك لە کوردستان دابنرێن.

لە ساڵەکانی دەستپێکی شەڕی دژی بە ئێران، ئەوەی ئاشکرا کرد کە عەسکەرە کوردەکان سەربازی بەرهەڵستکاریان تێدا پەیدا ببوو و لە چەندین بۆنەدا چەندین کورد کە لە خزمەتی عەسکەریدا بوون، لە جەیش دەردەهێنران و لە بەری ئەوە دەکران بە جاش.

زۆر لە موستەشارەکان، ئەم رۆڵە تازەیەیان لاخۆش بوو. کاتێك کە ژمارەی ئەو جاشانە لەسەر کاغەز گەیشتبوە ئەو پەڕی خۆی ، بەوەی کە رژیم 250000 جاشی لە ژێر دەستدا بوو بەڵام تەنها ژوومارەیەکی کەم چەکیان هەڵگرتبوو.

ئەو پیاوە کوردانە، لە بۆ ناسنامەیەکی مۆرکراوی جاشایەتی کە لە خزمەتی سەربازی بیانپارێزێت، رازی دەبوون کە موستەشارە کە سەرەڕای مانگانەکەی خۆی، مانگانەکانی ئەوانیش بدات، کارێکی ئاسان بوو بۆ موستەشارێکی زۆزان کە بە 85 دینار (255دۆلار) بۆ هەر ((پسوولە))یەکی جاشێتی، سامانێکی گەورە پێکەوەنێت.
هاوکات پێشمەرگە واتە ئەو کەسانەی بەرەوڕووی مەرگ دەچنەوە ، هەوڵیان دەدا کە تەرازووی هێزە جێگیر و گەڕۆکە تێکەلەکانیان، لە گەڵ دووژمندا بە لای خۆیاندا بخەن.

سەدان لە بچووکترین هێزەکانی پێشمەرگە ، بەواتایەکیتر مەفرەزەکان کەوتنە جەو لە کردن بە ناو ناوچە و دێهاتیەکاندا.

لە ناوچە شاخاویەکاندا، مەفرەزەیەك بۆی هەبوو، پێنج کەسی بێت، و لەناو گوندەکانیشدا کەمترین ژمارە کە پێویست بووبێت بۆ بەرگری کردنێکی سەر کەوتووانە پانزە کەس بووە.

لە سەرەتای ساڵی 1987 دا، تەنها ئەو شوێنانەی باشووری کوردستان کە بەغدا کۆنترۆڵی کاریگەری بەسەریان دا هەبوو، شارەکان، شارۆچکەگەورەکان ، ئۆردووگاکان و رێگا

قیرتاوکراوەکان بوو وەکی دیکە دەسەڵات بەسەر ناوچە و دێهاتەکاندا، لە نێوان پدك لە باکوور و ینك یش لە باشووردا تا رادەیەك بەشکرا بوو.
هەرچەندە رژێیم لە دەمێکەوە ناتۆرەی خەیانەتی لە پدك نابوو، بەڵام لەم کاتەدا ئەو نیشانە شوومانەی بەدی دەکران کە ینك یش هەروەها وەکوو جێگری سوپایی و سیاسی هێزێکی بێگانە کە عێراق لە گەڵیدا لە شەڕدا بوو، کاری دەکرد هەر بۆیەش لەو کاتە بە دواوە، گرووپەکەی تاڵەبانی بە رەسمیی بە " عملاو ایران" واتە (بەکرێگیراوانی ئێران) ناودەبران ئەمەش زاراوەیەك بوو، سەددام حوسێن خۆی دایهێنابوو.

لەوانەیە سووکایەتی پێکردنەکان ، کەلە راستیشدا یەکێک لە ئامانجەکان لەسەر ئەو بیانووە بوون ، چوونکە لە بەشی دووهەمی ساڵی 1986دا ، هاوکاریکردنی ئێران و ینك ببو بە راستیەك.

هەرچەندە پدك لە مێژەوە رێگەی ئێرانی لەبەردەم داوە کە شوێنێکی ئارام کرا بووە، ینکیش لەم کاتەدا هەستی بەوە دەکرد کە هیچ چارە و ئەلتەرنەتیڤێکی نییە ئەوە نەبێ کە وەکوو ئەو بکات.

لە کوردوستانێکی چوار دەورە گیراودا، خەبات کردن هەرگیز سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت بە بێ یارمەتی دراوسێیەکی دۆست. (هیچ رێگایەك نەبوو بۆ ئەوەی خواردەمەنی و زەخیرەمان بگاتێ، هیچ یارمەتیەك نەبوو بۆ بریندارەکانمان و هیچ رێگەیەکیش نەبوو بۆ دەرەوەی ئەو ناوچەیەی رزگارمان کردبوو.) ئەمە قسەی نەوشیروان مستەفا ئەمین بوو، کە لەوکاتەدا جێگری فەرماندەی ینك بوو و هەروەها وتی:
(( ئێران پەنجەرەی ئێمە بوو بۆ جیهان )).

لە ئوکتۆبری 1986دا ، ینك و حکوومەتی ئێران گەیشتنە رێکەوتنێکی سەرجەمیی لەسەر هاوکاریکردنی سیاسی و سەربازی.

هەر دوو لایەنەکە لە سەر ئەوە رێکەوتن کە لە سەر شەڕ کردن دژی رژیمی عێراق بەردەوام بن هەتا وەکوو سەددام حوسێن دەکەوێت و هەر دووکیان بەڵێنی ئەوەیان دا کە رێككەوتنی یەك لایەنە لەگەڵ بەغدا دا نەکەن.

ئەگەر هەر کام لە دوو لایەنە کە هەڕەشەی عەسکری رووی تێکرد، لایەنەکەیتر بەرەی دووهەم بکاتەوە بۆ لابردنی گوشار لەسەر ئەویتر.

ئێران رازی بوو بەوەی کە چەك، یارمەتی پزیشکی و پارە بۆ ینك تەرخان بکات و لە هەمان کاتیشدا پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە ڕێژیمێکی ئیسلامی لە بەغدا دابنرێت.

ئەنجامەکانی ڕێکەوتنەکە تا رادەیەك زوو بەدەرکەوت، بەوەی کە لە 10ی ئۆکتوبەردا، گروپێك لە پاسدارانی شۆڕشی ئێران بە هاوەڵی پێشمەرگە کوردەکان لە کێڵگەکانی نەفتی قووڵایی عێراقیاندا.

لە هەمان کاتدا، ئێرانیەکان لە بەردەم تووڕەیی ئاشکرای عێراقدا، کەوتنە نێوانەوە بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنێك لە نێوان ینك و پدك دا بۆ کۆتایی پێکهێنانی بەربەرەکانی و دووژمنایەتییە لە مێژینەکان، پێکهاتنەکانی تاران، گۆڕانێکی رادیکاڵی هێنایە هەڵوێستی ڕێژیمی عێراقەوە.

حکومەتی پێشووی عێراق لەگەڵ ئەوەشدا کە لە شەڕی دژ بە ئێراندا باڵا دەست بوو ، بەڵام وەزعی ئەمینی لە نێو سنوورەکانی خودی خۆیدا زۆر خراب لە دەست دەرچوو بوو.

لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ینك دا لە 1985 دا، کاروبارەکانی کوردستان لە لایەن" محمد حمزە الزبیدی"، سەرۆکی پێشووی بیروی باکووری سەر بە ڕێکخراوی حیزبی بەعسەی حکومەتی ڕوخاوی سەدام حوسەین ، چاودێری دەکرا.

الزبیدی، پاش پێداچوونەوەیەکی تەواوی دۆخی ئاسایش لەناوچەکەدا، فەرمانی پێکرا کە لە ماوەی شەش مانگدا بارودۆخە کە بگێڕێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و کاتێک کە ئەو شەش مانگەش تەواو بوو، شەش مانگی دیکەش درێژ کرابۆوە ، کەچی بارودۆخەکە هێشتا هەر بەردەوام بوو لە تێکچووندا و لە سەرەتای ساڵی 1987دا، بەغدا بڕیارێکی توند و بێڕەحمانەتری دا.

لەو کاتە بەدواوە، هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناو چیاکانی کوردوستاندا دەژیان و کشتوکاڵیان دەکرد ، بە دووژمنی بەکرداری دەوڵەت دادەنران، ئەوەش لەبەر هیچ شتێك نەبوو جگە لە مەسەلەی ئیتنیکیان و بوونیان لە نیشتمانی باب و باپیریاندا.

# چۆنییەتی جێ بە جێ کردنی
# شاڵاوی ژێنۆسایدی ئەنفال

شاڵاوی ئەنفال پێویست بە هەشت زنجیرەی بە کۆمەڵی لە هێرشی میلیتار هەبوو، کە لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاجیادا، لە نێوان کۆتایی فێبرەوەر و سەرەتای سێپتەمبەری 1988دا ، جێبەجێ کرا.

سەرتاپای فەرماندەیی هەموو ئۆپۆراسیۆنەکە، لە دەستی بیرۆی باکووری رێکخراوی حیزبی بەعس دابوو کە بنکەی بارەگاکەی لە شاری کەرکووکدا بوو و هەروەکی پێشتر باسمان لێکرد ، لە پاش مارسی 1987وە علی حسن المجید سەرۆکایەتی دەکرد.

لە بەرچەند هۆیەك، دانانی المجید لە لایەن سەدام حوسەینەوە زۆر گرینگ بوو.
هەتا وەکوو ساڵی 1987 سیاسەتی میلیتاری دژ بە کوردەکان لە لایەن فەیلەقی یەك و پێنج کە بنکەیان لە کەرکووك و هەولێر دا بوو، دادەنرا.

بەڵام لەم کاتەدا، حیزبی بەعس خۆی بەرپرسیارێتی راستەوخۆی لایەنەکانی سیاسەتی بەرامبەر بە کوردەکانی ، گرتبووە دەست.

هەروەها دەسەڵاتی المجید، چارەسەرکردنی کێشەی کوردستانی کردبووە بایەخ پێدانی بازنەی هەرە بەهێز و قووڵی عێراق ، کە تۆڕە چنراوەکەی پەیوەندی خێزانەکانی لە شاری تەکریتدا، بە سەرپەرشتی شەخسی سەددام حوسێن، سەنتەری گرتبوو.

المجید، تەنانەت بە پێوانەکانی دەزگای ئەمنی بەعسیش، شۆرەتێکی تایبەتی لە دڕندایەتیدا هەبووە.

بە گوێرەی گێڕانەوەی (شەخسی ) کۆنە مستەشارێك کە پەیوەندەی هەمیشەیی لە گەڵدا هەبووە، دەڵێت: المجید زۆر لە سەددام سەرکەشتر بوو و هیچ رێزی خەڵکیشی لانەبوو، ئیشکردن لە گەڵیدا زۆر زەحمەت بوو، زۆر گێل و تەنییا فەرمانەکانی سەددام حوسێنی جێبەجێ دەکرد.

عەلی کیمیایی لە رابوردوودا،سەر بە هێزی پۆلیس بووە و پاشانیش وەک وەزیری بەرگری لە حکومەتی پێشووی سەدام حوسەین دا کاری کردووە ، بەلای ئەو کورد و سەگ بەرابەری یەک بوون .

**(HRW/MEبە گێڕانەوەی تیمی توێژەرانی):** کاتێك عەسکەرە بەعسیەکان داوایان لە المجید دەکرد کە تەرمی کوردە کوژراوە و ئەنفال کراوەکان بە رەسمی و بە ئایین ئیسلامەوە بنێژن، المجید تۆڕە دەبوو و بە دەنگێکی بەرز و زۆر ترسێنەر کە ئێستاش ئەو دەنگە لەناو چەند شریتێك کە خۆی زەبتی کردۆتەوە، ماونەتەوە.
دەیگوراند و دەیگووت: ( سەگ هیچ ماڤێکی بە ئیسلامەوە نییە ).

ئەوەی ئاشکرایە، عێراق بوو کە لە ساڵی 1980دا شەڕی هەڵگیرساند و هەر عێراقیش بوو کە مافی ئەوەی بە خۆی دابوو شەڕەکە ئەو ماوە زۆرە هەشت ساڵە بخایەنێت.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئێرانییەکان لە چەندین شوێندا توانییان عێراقییەکان بخەنە حاڵەتی بەرگرییەوە.

لە ساڵی 1983دا ، هێزەکانی ئیران شارۆچکە و سەربازگەی گرینگی سەر سنوور، حاجی عومەران کە لە رۆژهەڵاتی شارۆچکەی رەواندوز دایە یان، گرت.

لە روانگەی ئێرانەوە، مەبەستی سەرەکی شەڕەکە، ئەو هێرشەیان بوو بە ناوی (الفجری 8)ەوە ، لە فیبرەوەری 1986دا کە بریتی بوو لە پەلامارێکی کتوپڕ و بەو هۆیەوە زۆنگاوی نیوە دورگەی (فاو)ی گرت و بەمەشی رێگەی عێراقی، بڕی بۆ کەنداوی ئێران ناسراو بە فارس .

ئێران، پاش سەرکەوتنە تازەکەی لە فاودا، کە زیانێکی زۆر گەورەی بە سوپای عێراقیان گەیاند،(مەیلی ئەمریکای بۆ بەهێزکردنی عێراق زیاتر کرد) لە باکوور لە ناو چیا بەردەلانییەکانی باشووری کوردستاندا، بەرەیەکی تریشی کردەوە.

بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵدا، رێژیمی پێشووی عێراق کۆنترۆڵی دی فاکتۆی بە سەر زۆری ناوچە دێهاتیەکانی باکووری بۆ پێشمەرگە جێهێشبوو ، پاشانیش کە هێزەکانی بێگانە هەرەشەی داگیر کردنی زیاتری ناوچە سنووریەکانی دەکرد، دەبوو رووی هێزی زۆر پێویست لە بەرەی باشوور لە دەوری (بەسرە)، بگۆڕدرابا.

لە کاتێدا کە مەبەست لە هێرشە کتوپڕیەکەی پاسدارە ئێرانیەکان لە ئۆکتوبری 1986، بۆ تێکدانی ئەعسابی فەرمانڕەوا عێراقیەکان بوو، کێڵگە نەفتییە زیندووەکانی کەرکووکیش کە نزیکەی سەد میل لە سنوورەوە دوورن، لە مەترسی دوور نەبوون.

سەبارەت بەو هەڕەشە تەواوەی ئێران کە لەم قۆناغە درەنگەی شەڕەکەدا، رووبەڕووی عێراق ببۆوە، مشتومڕێك لە نێو هاوەڵە لێکۆڵەرەکاندا پەیدا ببوو .

بێگوومان هێرشە گەورەکەی ئێران بە ناوی کەربەلاوە بۆ دەریاچەی ماسی لە بەسرە لە جانوەری 1987دا ، دوا بە کارهێنانی تاکتیکی شەپۆلی شەڕ بە ناردنی دەیان هەزار مەشق خراپ پێکراو بە ناوی بەسیج بوو کە هەروەکوو تارانیش دانی پیدا هێنابوو کە بەرئەنجامی زیانەکانی لە تواناادا نەبوو.

لە 12ی فیبرەوەی دا ، هێزەکانی ئێران بە هێرشێکی سووك ئاسا و بە کۆدی (فەتحی 4)ەوە ، گەڕانەوە بۆ ناوچەی حاجی عومەران، بۆ ئەمەش، هەندێك کەس لەو باوەڕە دان کە ئەوە پەلامارێکی راستەقینە نەبوو، بەڵکوو جووڵانەوەیەکی بادانەوە بوو بۆ مەبەستی پروپاگەندە.

سێ حەفتە دواتر، لە 4ی مارسی دا هێرشێکی تازە و لە ناکاویتری ئێران، کە کۆدی یەکەمیان بە ناوی ( کەربەلای 7 )وە بوو، توانی لەگەڵ هێزێکی هاوبەشدا کە ئەم جارە پێشمەرگەکانی پدك و ینك یشی تیدا دابوو، توانی بووکە هەشت کیلۆمەتر بێتە ناو خاکی عێراقەوە لە رۆژهەڵاتی رەواندزەوە.

رێژیمی عێراق بەو نیشانانەی سەر لە نوێ دروستکردنەوەی پێلانگێڕانە هار ببوو، بە تایبەتی لە بەر ئەوەی کە لەم کاتەدا هەر دوو پارتە نەیارەکەی کوردستانی بەرەوڕوو بوو.

لە 13ی مارسدا، لە چاوپێکەوتنێکی دەگمەندا لە گەڵ رۆژنامەنووسێکی بێگانە دا، هاشم حەسەن عەقراوی وەزیری دەوڵەتی حکومەتی پێشووی عێراقی ، کوتبووی: ( ئەو ئێرانییانە هەوڵ دەدەن ئەو خەڵکانە بۆ جێبەجێ کردنی کاری پیسدا بەکار بهێنن و لە بەر ئەوەی جوگرافیای ناوچەکە شارەزان ، بە هەموو چوونە ناوەوە و دەرەوەکانیدا، ئێرانیەکان تەنییا وەکوو چاوساغ بۆ پاسدارەکانی خومەینی و هێزەکانی ئێران بەکاریان دێنن ).

لەو کاتەدا کوردەکان ، تەنانەت بە ئاشکرا دەستیان بە باسکردن لە دابەشکردنی عێراق کردبوو .

له 14 یان 15ی مارس دا سەددام حوسێن سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی زیاتر لە پێنج سەعاتی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کرد بوو .
علی حسن المجیدیش، هەروەها لەوێ ئامادە ببوو ، پێویست بوو وەسفی بێگانەیەك بۆ ئەوەی کە لەو کۆبوونەوە نهێنێتە دا چی روویدا بوو بە باشی بخرێتە بەرچاو، بەڵام بە پێی لایەنی کەم دووان لەو کەسانە، سەدام حوسەین بە ئەفسەرە گەورەکانی راگەیاندبوو کە ئەو بە هۆی هیلاکیەوە مەترسی لە تێکشکاندنێك هەبووە.

له 18ی مارسدا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس بە یەکەوە بڕیاریان دا، کە علی حسن المجیدیش دابنێن بە سکرتێری گشتی بیرۆی باکووری رێکخراوی حیزبی بەعس.

نەوەکانی پێش المجید، سعدی مهدی صالح و محمد حمزەالزبیدی، بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەر رێگەیان دا بۆ کێشەی کورد پەسیڤ بن، بەڵام المجید هەڵەکانی ئەوانی دووبارە نەدەکردەوە.

شریتی ڤیدیۆ رەسمیەکەی بۆمبارانکردنی دۆڵی بالیسان کە یەکێك لە جاشەکان تۆماری کردبوو، پێشانی دەدات کە چۆن عەمودی دوکەڵی سپی، خۆڵەمێشی و مۆرتابە هوروژم لە بەرزاییەکانەوە بەم لاو ئەو لادا دەهاتە خوارێ.

کەمە بای شەماڵێکی ئێوارانەی فێنکیش، کە لەو لای چیاکانەوە هەڵیکردبوو، بۆنی نامۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.

ـ یەکەم جار خۆش بوون، لە بۆنی گوڵ و گوڵزار دەچوون و یان وەکوو سیۆ و سیر بەلای خەڵکانیترەوە.

کەچی هێشتا شایەتیتر دەڵێن کە بە شێوەیەکی کەمتر، بۆنی دەرمانی مێش و مەگەز کوژ بووە.
ژنێکی بە تەمەنی خەڵکی بالیسان ووتی: بەڵام ئەوکاتە (( هەموو دنیا تاریك بوو، بە تاریکی داپۆشرا بوو، نەمان دەتوانی هیچ شتێك ببینین و لە توانامان‌دا نە بوو یەکتریش ببینین، هەروەکوو تەم وا بوو، دوای ئەوەش هەموو کوێر بووین)) هەندێ رشانەوە، دەم و چاویان رەش هەڵدەگەڕا، خەڵکەکە هەستیان کرد ژێر باڵیان هەڵدەئاوسا و ئازارێکی زۆری هەبوو و ژنانیش ژێر مەمکیان هەر بەو شێوەیەی لێ بەسەر هاتبوو.

دواتـر مـادەیـەكـی زەردی ئـاوی لـە چاویانـەوە دەر دەچـووە دەرەوە، زۆركـەس لـەوانـەی رزگاریان بوو، بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك دوچاری ناڕەحەتی پڕ لە تێكچوونی بینین بوون و یان كوێر بوونی تەواویان چێشت.

لە شێخ وەسان، رزگار بووەكان ژنێكیان بینی بوو، بە كوێری بەولاو ئەولا دا دەكەوت و بە توندیش سەری منالەكەی گرتبوو و نەیدەزانی كە مندالەكەی مردووە.

هەندێ لە گوندنشینەكان رایان دەكردە ناوچیاكان و لەوێ دەمردن.

پێنج رۆژ پاش هێرشە كیمیاویەكەی دۆڵی بالیسان، هێزەكانی پیادە و بلدۆزەر، چوون بۆ كاولكردنی سەدان لە گوندەكانی كوردستان.

بە پێی ئامارە رەسمیەكان، سوپا بە لایەنی كەمەوە 703 گوندی لە كامپەینەكانی 1987دا ، لە نەخشەدا هێشتبوو.

لە مانە 219 گوند لە ناوچەی هەولێر و 122 لە دەشتە پڕ گردولكەكانی ناسراو بە گەرمیان لە باشووری رۆژهەلاتی كەركووك و 320 لە ناوچە هەمەجۆرەكانی پارێزگای سلێمانی و دواتریش لە بادینان .

كۆمەڵەی كورد كە دەزگایەكی خزمەتگوزاری و ئاوەدان كردنەوە و گەشە پێدانی كوردستان خۆجێییە پەنجا گوندی لیست كردووە كە لە پارێزگای دهۆك دا وێران كراون.

نامەیەكی دیكە ، كە بەناوی ئەمنی سلێمانی لە چاپ دراوە : بە ژمارەكەی س ـ ت 21308، لە بەرواری 16ی سیپتەمبەری 1989دا و بە زۆر نهێنی پۆلێن كراوە ، باسی گوللەبارانكردنی ئاشكرای پێنج ( تاوانبار ) دەكات كە بەردەم خەڵكیدا بە هۆی (پەیوەندییان بە رێكخراوەكانی ناوخۆی بە كرێگیراوانی ئێران) كە لەلایان تیمەكانی تیربارانكردنەوە ئەنجام دراون .

گوللەبارانكردنە كە لە 24 ئۆكتۆبەری 1987 دا ، بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی ئیستیخبارات و حیزبی بەعسەوە ، جێبەجێ كراون.

پاش ماوەیەك بڕیاری ئەوە دراوە كە پێویستە هەر سێ خێزانی تاوانبارەكان ... بە شێوەیەكی نهێنی ئێعدام بكرێن .

لەم کاتە دا بریندارە سیڤیلەکانیش گوللەباران دەکران، ئەمەش لە نامەیەکی دەستووس (ژ: 3324) لە 14ی مەی دا، لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی شاری حەلەبچە، لە باشووری ڕۆژهەلاتی باشووری کوردستان دا بۆ ئەمنی سلێمانی دەبینرێت.

ئەم نامەیە درێژەی تەواوی ئۆپۆراسیۆنێك دەخاتە پێش چاو ، کە دژی گەڕەکی کانی ئاشقان ئەو شارە کراوە.

بە فەرمانی فەیلەقی یەکی سوپا و ئامۆژگاریەکانی علی حسن المجید بوو کە سیڤیلە بریندارەکان ئێعدام دەکران ، پاش تەئکیدکردنی دژایەتییان، بۆ دەسەلاتداران ، لەگەڵ ڕێکخراوی بەشەکانی ئەمن و پولیسی، مەرکەزی ئسیتیخبارات و بۆ بەکارهێنانی بۆلدۆزەر بۆ تەختکردنی گەڕەکی کانی ئاشقان.

علی حسن المجید خۆی لە بەرواری 3ی جون 1987دا، نامەیەکی ئیمزا کردووە ئەم ئامۆژگاریە بۆ دەزگای سیڤیل و عەسکەریەکان نێردراوە، لەوانە: فەرمانەدەکانی فەیلەقی یەك و پێنجی سوپا، ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئیستیخبارات و موخابەرات، دەقەکەش ئەم خالانەی خوارەوەیە:

1. بە تەواوی قەدەغەیە کە هەموو خواردەمەنێك، یان خەڵك یان ئامێر بگەنە ئەو گوندانەی کە لەبەر هۆی ئەمینی قەدەغە کراون، کە لە قۆناغی دووهەمی گوند کۆکردنەوەکاندا. هەرکەسێکی بیەوێت بێتەوە، ڕێگەی پێ دەدرێ بگەڕێتەوە ڕێزی نیشتمانی، بە هیچ جۆرێك ڕێگە نادرێت بە کەسووکاریان پەیوەندیان پێوە بکەن، تەنها بە ئاگاداری دەزگا ئەمنیەکان نەبێت.

2. بوونی ئەو خەڵکانەی لە قۆناغی یەکەمدا ڕاگوێزراون لەناو ئەو ناوچانەش کە لە قۆناغی دووهەم دان تا وەکوو 21جون ی 1987.

3. ئەوەی کە پەیوەندی بە دروێنەوە هەیە: پاش کۆتایی زستان کە پێویستە پێش جولای تەواو بێت کشتوکاڵکردن (لە ناوچەکەدا) لە زستانی داهاتوو و وەرزەکانی هاویندا ڕێگەی پێ نادرێت، ئەمیش لەو ساڵەوە دەست پێ دەکات.

4. مێگەل بردن بۆ لەوەرگا لەم ناوچانەدا قەدەغەیە.

5. پێویستە هێزە چەكدارەكان بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە، هەر مرۆڤێك یان ئاژەڵێك لەم ناوچاندا هەن، بكوژن، ئەم ناوچانانە بە تەواوی قەدەغەن (جەخت كراوەتەوە).

6. بەو بڕیارە، ئەو كەسانەی كە ڕاگواستن بۆ ئۆردووگاكان دەیانگرێتەوە، ئاگادار دەكرێنەوە و ئەگەر هەر سەر پێچیەكیش بكەن، واخۆیان تەحەموولی هەموو بەر پرسیاریەك دەكەن.

ئەو فەرمانە، دواتر بە شێوەی ئاشكرا ناردرا بوونەوە بۆ پلەكانی خوارەوەی زنجیرەی فەرماندەیی.

هەتا ڕادەیەك دەگەڵ بارودۆخی زاڵ بەسەر نەتەوەی چەوساوە و هەمیشە زیندووی كورد دا ئاشنا بووین كە دیارە مەبەستی سەرەكی ئەم بەرهەمەش تەنییا گەیاندنی كورتە زانیاریەكە لە شڵاوێكی مەزن و پڕ باسی ئەنفال كە بێ گوومان گەورەترین جۆری ژێنۆیسایدە كە گەلی كورد ڕووبەڕووی بۆتەوە .

هەروەها بە كورتی و سەرجەمی ئەم بابەتە جێی سرنجە كە شوێن و كاتی كارەساتی ئەنفال بەم جۆرە بەسەر گەلەكەماندا هاتوون:

**ئەنفالی یەك:** گەمارۆدانی سەرگەلۆ و بەرگەڵو ـ23ی فێبرەوەری ـ 19ی مارسی 1988.
**ئەنفالی دوو:** قەرەداغ ـ 22ی مارسی ـ 1ی ئەپریلی 1988.
**ئەنفالی سێ:** گەرمیان 7ـ20ی ئەپریل 1988.
**ئەنفالی چوار:** دۆڵی زێی بچووك 3ـ8ی مای 1988.
**ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت:** دۆڵ و چیاكانی شەقڵاوە و ڕەواندز.
**ئەنفالی هەشت:** ئێعدام كردنی بە كۆمەڵ لە بادینان.

بەم ئاواتە كە لە داهاتوویەكی نزیكدا لە شكستەكانی ڕابردوو وانە وەربگرین و بە سارێژكردنی برینە كۆنەكانمان سەربەرزی و زانست بۆ گەلەكەمان بە دیاری بێنین، لێرەدا وتارەكەم تەواو دەكەم.

**تێبینی:**

ئەم نوسراوەیە بە کەڵک وەرگرتن لەم سێ سەرچاوەیەی خوارەوە ئامادە کراوە :
1- جامعە شناسی سیاسی – دوکتور حسین بەشیریە.
2- عێراق و تاوانی ژێنۆساید ، شاڵاوی ئەنفال دژی کورد – جەمال میرزا عەزیز
3- ئەنفال( کارە سات ، ئەنجام و رە هەندەکانی ) – یۆسف دزەیی

* ئەم سەرچاوانە بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس نووسراون

..........

**بڵاو کرایەوە لە سایتی پێشمەرگەکان 14-04-2008**

[www.peshmergekan.com](http://www.peshmergekan.com)
[www.peshmergekan.eu](http://www.peshmergekan.eu)